# ئەگەر خۆمان چاکسازی و گۆڕانکاریی بنچینەیی نەکەین، هەر مێژووی تێکشکانمان دووبارە دەکەینەوە، هەر تێشکان و کارەسات چاوەڕوانمان دەبن:

ئێمەی کورد بە بەراوورد لەگەڵ میللەتانی دیکەدا، خاوەنی هەست و هۆشی نەتەوەیی کوردانەی خۆمان نین و بیرمەند و سیاسەتمەداری نەتەوەیی و ژیرمەند و دووربینیشمان وەکو پێویست تێدا هەڵنەکەوتووە. ئەگەر ئەمە وانەبووایە، مێژوومان بەو شێوەی رابووردوو نەدەبوو و ئێستاشمان ئەم ئێستایە نەدەبوو. ئێمە نەتەوەیەکین خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیمان نین و نیشتمانەکەمان داگیرکراو و دابەشکراوە، چەندین دوژمنی دەوڵەتداری خاوەن سووپای گەورە و بەهێز و دڕندە گەمارۆیان داوین. بە درێژایی مێژوو ژێردەستەی بێگانەین و لەلایەن رەگەزپەرستەکانی نەتەوە دراوسێکانمانەوە ژێردەستەکراوین و ئازار و ئەشکەنجە دراوین، چەوسێندراوینەتەوە و کۆمەڵکوژی کراوین و وڵاتەکەمان چەندین جار سووتێنراوە و وێرانکراوە. مێژوویەکی دوورودرێژی چەوساوەیی و ژێردەستەیی و رابووردوویەکی پڕ لە کارەساتی نەتەوەیی و نیشتمانیمان هەیە.

هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆشمان بەم شێوەیەیە کە خاوەنی چەندین پارت و رێکخراوی جۆراوجۆر و دژبەیەکترین و لەناخۆماندا کۆك و تەبا و یەکگرتوو و یەکڕیز و یەك هەڵوێست نین. پاش ئەو هەموو کارەسات و ئەزموونە تاڵانە لەگەڵ خۆمان و دوژمنان و داگیرکەرانماندا، کەچی هێشتا وەکو پێویست پەند و وانەمان لە مێژوو و رابووردووی خۆمان و دەوروبەرمان وەرنەگرتووە. بەردەوام هەر هەڵەکانی رابووردوومان دووبارە دەکەینەوە و هەتا ئێستا بە هیچ یەکێ لە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان نەگەیشتووین.

ئەوە ماوەی ٢٤ ساڵە لە بەشێکی نیشتمانەکەماندا تا ئەندازەیەک ئازاد و سەربەخۆین و خاوەنی دەسەڵاتێکی خۆماڵین و خۆمان خۆمان بەڕێوە دەبەین، مەخابن، هەر لەسەرەتاوە، پێش ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك بکەین و هیچ ئیشێکی باش و خزمەتگوزارییانە بۆ میللەتەکەمان بکەین و وڵات بنیات بنێینەوە و برینە کۆنەکانمان ساڕێژ بکەینەوە، مێژووی شەڕی مەلایی و جەلالیمان دووبارە زیندووکردەوە. شەڕی براکوژی و یەکتری کوژیمان دەست پێکردەوە و چەندین هەزار پێشمەرگەی ئازا و دڵسۆزمان بەدەستی یەکتر و بەکوشت دایەوە و گەورەترین کارەساتمان بەسەرخۆماندا هێنایەوە و تۆوی ڕەشی دوژمنایەتیی ناوخۆمان لەناو میللەتەکەماندا چاندەوە.

لە روانگەی مێژوو و ئەزموونە تاڵەکانمانەوە، لە ماوەی ئەم ٢٤ساڵەدا، دەبووایە، بیرمان لەوە بکردایەتە و هەوڵمان بۆ ئەوە بدایە کە هەموو گۆڕانکاریەکمان لە سەرلەبەری ژیانی خۆماند بکردایە، بەر لەهەر شتێك دەبووایە کشتوکاڵی خۆماڵیمان پەرە پێبدایە و گەشەکردوومان بکردایە، دەبووایە ئابووریی نیشتمانیمان پتەو بکردایە و چەندین کارگە و دامەزراوی کشتوکاڵیی بەرهەمهێنەرمان بینا بکردایە، بێگومان ئەمەش بەوە دەکرا، لەبری خانەنەنشینکردنی ئەو لەشکرە مشەخۆرە بێ بەرهەمەی کە دروستمانکردوون، جووتیارەکانمان هان بدانایە کە گوندەکان ئاوەدان بکەنەوە و خەریکی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ناوخۆ بوونایە و ئەوەندە چاولەدەستی هاوردەکردنی گشت جۆرە خۆراك و خورادنەوەیەك و پێدایوستتییەکی دیکە لە دەرەوە نەبین.

هەر بەمانە دەمانتوانی دیاردەی بێکاری و هەژاری بە ئەندازەیەکی زۆر چارەسەر بکەین. بۆ نموونە، جاران هەر بە تەنها دەشتی شارەزوور، گەنم و جۆ و تووتنی هەموو کوردستان و عێراقی دابین دەکرد، ئێستا دەشتێکی فەرامۆشکراو و چۆڵ و بێ کشتوکاڵ و بێ بەرهەمە. لەبری ئەوەی بە ئەو بوودجە و پڕە پارە تۆکمەیەی کە هاتە دەستی سەرانی لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتی کوردییەوە، چەندین هەزار خوێندکارمان بە مەبەستی خوێندن و پەروەردەبوون و پێگەیشت لە هەموو بوارە پێویستەکاندا، رەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکان بکردنایە کە ئێستا دەبووایە خاوەنی یەك لەشکر مامۆستا و کۆمەڵناس و دەروونناس و ئەندازیار و پزیشك و کارمەند و تەکنیککار و دیپلۆمات و هونەرمەند و شانۆکار و کارگێڕ و کادری سیاسی و سەربازیی کارامە و بەتوانا و لێهاتوو بووینایە. بەڵام بەداخەوە، لەبری ئەمانە، خاوەنی یەك

لەشکر میلیاردێر و میلیۆنەر و بازرگان و سەرمایەداری چاوچنۆک و نادڵسۆز و نانیشتمانپەروەرین کە هەر بیر لە خۆیان و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەکەنە و لە خەمی ئێستا و داهاتووی کورد و کوردستاندا نین.

بەهۆی هێنانی ئەو چەند هەزار کۆمپانیا ساختەچی و دز و دەسپڕ و تاڵانچییانەی تورکیا و ئێرانەوە، بۆ باشووری کوردستان، جگە لەوەی کە ئابووریی کوردستانیان بنبۆش کردووە، خەریکی کاری سیخوری و ئاژاوەگێڕیشن. هەروەها لە ڕێگەی بەتاڵانفرۆشتنی نەوت و گازی کوردستانەوە، ئابووریی داتەپیوی تورکیامان بەرەو ژیاندنەوە و هەڵکشان بردووە. هەر بەو پارانەی ئێمە چەك و تەقەمەنی دەکڕن و دەیبارێنن بەسەر کورد و کوردستاندا. هەر لەڕێگەی ئەو کۆمپانییا سویخوربیانەوە ئێستا بە دەیان خوێندنگەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی تورکی لە شارەکانی کوردستاندا پەیدا بوون،٢ زانکۆی تورکی کراونەتەوە، بە سەدان دایەنگەی ساوایان و خوێندنگەی منداڵانی کورد، لە لایەن تورکەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، چەندین کۆرسی زمانی تورکی کراونەتەوە کە زۆربەیان بۆ بە تورك کردن و کاری سیخوری کراونەتەوە. بە سەدان بنکەی سیخوریی میتی تورکی و ئیتلاعاتی ئێرانی لە شار و شارۆچکەکاندا خەریکی کاری سیخوری و ئاژەوەگێری و تێکدەرین. چەندین بنکەی سەربازیی تورکی لە باشووری کوردستاندا جێگیرکراون.

لەبری ئەوەی کەڵکی پێویستمان لەم دەرفەتە زێرینەی کە بۆمان هاتۆتە پێشەوە، وەربگرتایە، کەچی لەجیاتی دروستکردنی وەزارەتی بەرگری و لەشکری نیشتمانی و بەهێزترکردن و پرچەکترکردنی هێزەکانمان، وەزارەتێکی گەورە و خاوەن گەورەترین بوودجەی ئەوقافمان دروستکردووە، کە ئێستا لە سایەی ئەو وەزارەتی ئەوقافی ئیسلامییەوە، ٥٢٣٠ مزگەوتی عەرەبیمان دروستکردوون، بە سەدان تەکێ و حوجرە و فەقێخانە و جادووگەرخانە و نووشتەخانەمان بنیات ناوە،خاوەنی یەك لەشکر مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخواز و مجێور و فەقێ و خوێندکاری ئیسلامین، خاوەنی چەندین باند و گروپی ئیسلامیی سیاسیی دروستکراو و بەکرێگیراوی دوژمنانمانین. ئەم لەشکرە رەشە، بەردەوام خورافیات و پووچپەرستی و توندوتیژیی دژی کچان و ژنانی کوردستان بەناو میللەتدا بڵاو دەکەنەوە و بەربەسێکی گەورەن لەبەردەم ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتن و شارستانێتیدا.

دەبووایە ئێستا ئەگەر بە نهێنیش بووایە، خاوەنی چەندین کارگەی جۆراوجۆری چەك دروستکردن و بەرهەمهێنانی پێداویستییە سەربازی و بەرگرییەکان بووینایە، ئەمانە خەن و خەیاڵ نین و دەمانتوانی بەدەستیان بهێنین و خۆمان چەندین چەکی پێویست و سەرەتاییمان دروست بکردایە، بۆ نموونە، ئێستا خۆشبەختانە لە رۆژئاوای کوردستان کارگەیەکی چەك و تەقەمەنی دروستکردن دامەزرێنراوە و بەرهەمەکەیشی بەکار دەهێنرێت و سەرکەوتووە. دەبێت باوەرمان بە خۆمان هەبیت و ئێمەیش میللەتێکین و دەتوانین و دەکرێت، هیچمان لە میللەتانی دیکە کەمتر نەبێت!؟

ئێستا رووبەڕووی ترسناکترین شەڕی لەشکری دڕندەی فاشیزمی عەرەبی ئیسلامی بووینەتەوە و سەر و ماڵ و خوێنمان بەناوی ئیسلامی عەرەبییەوە حەڵال دەکەن و بەرنامەی کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی هەمووشتێکمانیان بۆ ئامادەکردووین و بە هەموو هێز و توانایانەوە جێبەجێی دەکەن. شەڕ و ماڵوێرانی بەردەرگای پێگرتووین و ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان لەژێر هەڕەشە و مەترسیدایە، کەچی لەبری ئەوەی هەموو ئەم رووداو و پێشهاتانە بەهۆشمان بهێننەوە و هۆشیار بینەوە و ناوخۆی خۆمان یەکگرتوو و یەکڕیز و بەهێز بکەین و هەموو پێکڕا، هەر یەکەی بەتوانای خۆی و لە ئاستی خۆیەوە لەسەنگەردا بێت دژی دوژمنانی هاوبەشمان، کەچی هەر بۆ نموونە، هیچ کەسێك ئامادە نییە رۆژێك ئۆتۆمبێلەکەی بەکار نەهێنێت و بۆ وەرگرتنی بەنزین خۆپیشاندان نەکات و ئاژاوە نەنێتەوە. هیچ کەسێك ئامادە نییە لەبری ئەوەی ئەو هەموو پارەیەی بەناوی حەج و عەمرە و گەشتیاریی ئایینی و زەکات و سەرفترەوە کە خۆبەخشانە پێشکەشی عەرەبی دەکەن، بیدەن بە هەژارەکان و ئاوارە و دەربەدەربووەکانی ناوخۆی خۆمان. هیچ کەس و لایەنێکمان ئامادە نین کە دەستبەرداری

بەرژەوەندییە تایبەتی و حیزبییەکانی خۆمان بین و کوردپەروەرانە و نیشتمانپەروەرانە بیربکەینەوە رەفتار بکەین!؟ ئیتر کە ئەمە هەڵوێستی تاکەکان و لایەنە سیاسییەکانمان بێت و ئەمە بارودۆخی ناوخۆی خۆمان بێت، نابێت گلەیی لە هیچ کەس و لایەن و دەوڵەتێکی بێگانە بکەین، تەنها هەر دەبێت گلەیی لە خۆمان بکەین و هەموو هەوڵێك بدەین تاکو خۆمان بێینەوە و هۆش و هۆشیار بینەوە و بە رابووردووی خۆماندا بچینەوە و هەڵە و کەموکورییەکانی خۆمان چاک بکەین.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە هەموو کورد ئەو راستییە بەڵگەنەویستە باش تێبگات کە هەموو کاتێك، کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە. با هەموومان ئەو راستییە باش بزانین، ئێستا سەردەمی جیهانگیرییە، هیچ دەوڵەتێك، هیچ هێزێك، ناتوانێت، چەند میلیۆن کوردێك کۆمەڵکوژی بکات، ئەگەر ئێمەیش وەکو نەتەوەیەك بمانەوێت وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، هەر وەکو ئەوان، خاوەنی مافە نەتەوەییە سروشتییەکانی خۆمان بین، مافی هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمان، هیچ هێزێك ناتوانێت رێگریمان لێبکات. ئیتر ئێمە چاوەڕوانی چیتر دەکەین!!؟ نەتەوەیەك، باشترە هەمووی بەیەکەوە بمرێت، نەك هەمووی بەیەکەوە بێ دەوڵەتی نەتەوەیی و بە ژێردەستەیی و کۆیلەیی بژی. ئێستا هەلومەرج لەبارە و کاتی ئەوەیە بیر لە دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆمان بکەینەوە و بە هەموو هێز و توانا و شێوە و شێوازێکەوە هەوڵی بۆ بدەین. بیر لە ئێستا و داهاتوویەکی باشتر و مسۆگەرتر بکەینەوە.

ئێستاش کاتمان زۆر لەبەردەمدا ماوە، دەبێت بە خۆماندا بچینەوە و چاکسای و گۆرانکاریی بنچینەیی لەخۆماندا بکەین و خۆمان ساز و تەیار و رێکبخەینەوە. ئەمانەش تەنیا بە پەروەردەیەکی نەتەوەپەروەرانە و نیشتمانپەروەرانە دەکرێن، بە سیاسەتی ژیرمەندانە و بە سیاسەتمەدار و سەرکردە و فەرماندەی ئازا و دڵسۆز و لەخۆبووردوو و ژیر و دووربین دەکرێن. ئەمانە ئەرك و فەرمانی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمانە و هەر دەبێت خۆمان بۆ خۆمانی ئەنجام بدەین.

ئێمەی کورد دەبێت فێربین و تێبگەین کە هیچ شتێك بەرامبەر خواست و ئامانج و تێکۆشان و خۆڕاگریی نەتەوەیەکدا ئاستەم نییە.

بەختیاری شەمەیی